چالاکیەکانی بەشی چالاکی هونەری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی رانیە

لێدوان

سەرچاوەیەك لە بەشی چالاکی هونەری بە رۆژنامەی لێدوانی راگەیاند کە بەشەکەیان هەستاوە بەم چالاکیانەی لای خوارەوە:

رۆژی ٢٠٠٨/١/١٦ کاتژمێر ١٠ی بەیانی بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری پەروەردەی رانیەو سەرپەرشتیارانی پەروەردەیی و مامۆستایان و خوێندکاران، ئەو بەشە هەستاوە بە کردنەوەی پێشانگایەکی تایبەت بۆ بەهرەمەندانی قوتابخانەی نەوجەوانانی رانیە کە لەو پێشانگایەدا کۆمەڵێك تابلۆی جوان و کاری دەستی کچان نمایش کرابوون، هەروەها رۆژانی ٢٠-٢٠٠٨/١/٢١ کاتژمێر ١٠ی بەیانی بە ئامادەبوونی قایمقامی قەزای رانیەو بەڕێوەبەری پەروەردەی رانیەو ژمارەیەکی زۆری خوێندکارو مامۆستا،، ئەو بەشە پێشانگایەکی تایبەتی بۆ هونەرمەند (سەرگول شەریف ئیسماعیل) خوێندکاری قۆناغی پێنجەمی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی رانیە کردەوە، کە ٢٨ کاری هونەری پۆستەرو کۆلاجی تێدا نمایش کرابوو، بووە جێگەی سەرنجی ئامادەبوان.

رۆژی ٢٠٠٨/١/٢٢ بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری پەروەردەی رانیە، قوتابخانەی رەوەندی بنەڕەتی، هەستا بە کردنەوەی پێشانگایەکی تایبەت بە بەهرەمەندانی ناوچەکە.

هەر لە درێژەی چالاکیەکانی ئەو بەشە رۆژی ٢٠٠٨/١/٢٤ کاتژمێر ٩ی بەیانی بە ئامادەبوونی قایمقامی رانیەو بەڕێوەبەری پەروەردەی رانیەو مامۆستاو خوێندکاران پێشانگایەکی تایبەت بۆ هونەرمەندانی قوتابخانەی قەڵات کرایەوەو رۆژی ٢٠٠٨/١/٢٤ کاتژمێر ٩ی بەیانیش بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری پەروەردەو ژمارەیەکی زۆری خوێندکارو مامۆستا، پێشانگایەك بۆ بەهرەمەندانی قوتابخانەی ئارام لە چوارقورنە کرایەوەو سەرنجی ئامادەبوانی بەڵای خۆیدا راکێشا.

ئەو کۆترەی لە سەرما رەق بۆوە

لەنێوان ترسو سەرما، لەنێوان ئەنفلۆنزاو باران و رەشەبا سارەکەی ئەم چەند رۆژەی پێشتر، لەنێوان بێکارەبایی و برسیەتی و گرانی بازارو بێ موچەیی، لەنێوان بەردی دار لاستێك و چرنوکی پشیلەو وایەرە روتەکانی موەلیدە، کێ پەڕەی تەمەنی وەراندی، کێ باڵەکانی لێ زەوتکردی و گمەکانی داگیرکردی، کێ بوو نەیهێشت، چیتر باڵەفرە بەسەر درختەکانی شاردا بکەی، ئەو درەختانەی کە لە وایەرو دارتەل بترازێ، شتێکی تریان نیە باوەشی پێدا بکەن، کێ بوو چاوەکانی پر کردی لە سورمەی مەرگو دەمی بە شەرابی مالئاوایی تەر کردیەوە، هەر شتو کەسێك بوو، ئەنفلۆنزا، یان رەشەبا، خوا بیبڕێ.

ژمارە چواریش کەوتە خانەی ژمارە شوومەکانەوە

تایوانیەکان پێیان وایە ژمارەی چوار دەردەسەری و نەهامەتی پێوەیە، چونکە لای ئەوان گوزارشت لە مەرگ دەکاتو ئەمەش وایکردووە روو بکەنە فەرمانگە حکومیەکان بۆ گۆڕینی ژمارەی ناسنامەکانیان، بەتایبەت ئەو ناسنامەو رەگەزنامانەی کە لە چوار ژمارە پێك هاتوون، یان ئەو ژمارەیەیان تێدایە، وەزارەتی ناوخۆی ئەو وڵاتە رایگەیاند کە ئەمە شتێکی ئەفسانەییەو لە راستیەوە دوورە، ئەگەرچی ٤٥٪ی ناسنامەکان داوای گۆڕینیان کـــراوە، چینیەکان ئەو ژمارەیە بە شوم دەناسنو ئەگەر سەردانی کەسێك بکەن نایەڵن، دیاریەکانیان چوار دانە بن، تەنانەت لای تایوانیەکان بیناکان نهۆمی چوارەمیان نیە، لای خۆشمان ژمارەی چوار بەهۆی بوونی چوار مێخەو چوار چراو چوار پارچەی کوردستانو بیتو چواری چواری ساڵی حەفتاو چوار، چوارەدەی چوار یادی ئەنفال پێدەچێت ئەو ژمـــارەیـــە هـــەر شـــوومـــی بـــەدواوە بـــێـــت.

شاجوانی ساڵی ٢٠٠٨ی ئەمریکا

هەروەها (میشکن) ساز کرا و ئەنجامیش لە ناو هەر سێکیان ناوبراو بە شاجوانی ئەمەریکا بۆ ساڵی ٢٠٠٨ هەڵبژێردرا و خەڵاتێکی بە بڕی ٥٠ هەزار دۆلار پێ بەخشرا . ئەم پێشبرکێیە کە لە (پلانێت هۆلیوود) لە (راس فیگاس) ئەنجام درا راستەوخۆ لە لایەن کەناڵی TLSی ئەمریکی کە دەگاتە ٩٣ ملیۆن ماڵی ئەمریکی پەخش کرا و پێویستە بگوترێت کیریستن لە لە بەشی مۆزیکی زانکۆی (سینسیناتی)دەخوێنێ لە بنەماڵەیەکی بە روخسار جواندا گەورە بووە پێشتریش چونکە جگە لەوەی کە خۆی پێشتریش بە شاجوانی هەرێمی (میتشیگن) هەڵبژێردرابوو (لورا هنت) نەنکیشی لە ساڵی ١٩٤٤ بەشداری پێشبرکێی ی شاجوانی کردبو و نازناوی شاجوانی هەرێمەکەی بە دەست هێناوە و بۆیە ئەمیش هەمیشە خەونی بەوە دەبینی کە تاجی شا جوانی وڵاتەکەی بکاتە سەر ئەنجامیش لە ناو چەپڵەو پیرۆزبایی ئامادەبوانەوە بە هیواکەی گەیشت و بە شاجوانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بۆ ساڵی ٢٠٠٨ هەڵبژێردرا .

دواجار (کیرستن هاغلاند)ی تەمەن ١٩ ساڵ لەسەر تەختەی شانۆی (برودوای)تاجی شاجوانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکای کردە سەر. ئەمەش دوای ئەو ئاهەنگەی کە لە ١٢/٢٧ و لە خولی هەشتاو حەوتەمینی پێشبرکێی هەڵبژاردنی شاجوانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا بۆ سێ شا جوانی هەرێمی

نەوال زوغبی تازەترین ئەلبومی خۆی دەخاتە بازاڕەوە

دوای گەرانەوەی بۆ رۆتاناو لە ٢٠٠٨/١/٢٣ گۆرانیبێژی لوبنانی نەوال زوغیی تازەترین ئەلبومی خۆی خستە بازاڕەوە بەناوی (خلاص سامحت) کە لەناو هونەرمەندانو کەناڵەکانی راگەیاندن بە ئەلبومێکی سەرکەوتو باسی دەکـرێ، ئەو ئەلبەمو پێك هاتوە لە (٨) تـراك و هۆنراوەکانیش لەلایەن شاعیرە بەناوبانگەکانی وەك (ئەمیر تەلیعەو مونیر بـو عـەسـاف و ئـەیمـەن بەهجەت قـەمـەر) و چەند شاعیرێکی تر نووسراون، هەروەها ئـاوازەکـانـیـش چەند هونەرمەندێکی بەناوبانگی وەك محەمەد نـادی و هشام بەلس و محەمەد رەحیم و رامی جەمال دانـــراون و کلیپی بـۆ یەکێك لەو گۆرانیانە کـــردووە، لە رۆژئـــاوای لوبنان، کە بەشێوازێکی تـازەو جوانتر دەردەکـەویـت و هونەرێکی بالا لەو بەرهەمەیدا بەکار هاتوە.

نـــەوال زوغـــیی لـــە ســـاڵـــی ١٩٧٢ لـــەدایـــك بـــووەو ژیانی هاوسەری پێکهێناوەو خاوەنی چەند منداڵێکە، هەروەك بەدەر نیە لـەو قسە هەڵبەستراوانەی کەلەسەر هونەرمەندە کچەکانی عـــەرەب دەکـــرێـــن و جـــوانـــی و ســـەرنجـــراکـــێـــشـــیـــەکـــەشـــی وای کـــردووە، بە شێوازێکی جیاواز تر لە هونەرمەندانی تر ناوبانگ دەربکات.

سەرچاوە: رۆتانا

نوقورچە

بە پێنوسی فریاد هیرانی

ئەفیونەکانی دەسەڵات

فەیلەسوف و بیرمەندی گەورەی مرۆڤایەتی(کارڵ مارکس) سەبارەت ئاین، وتەیەکی بەناوبانگی هەیە کە دەڵێ :(ئاین ئەفیونی گەلانە!) هێنانەوەی ئەم نمونەیە مەبەست ئەوە نیە باوەرمان بەم قسەیە هەبێ یان نەبێ ، بەڵام ئەم نمونەیە زۆر شتی تری لەم بابەتەمان بیرئەخاتەوە ، کە دەسەلاتی کوردی لە جیاتی یەك جۆر ئەفیون ،چەندەها جۆر ئەفیون بەکار دێنێ و وا خەریکە لەناو ئەفیونەکانی دەسەڵات ئەوەندە بێهۆش دەبین ئاگامان لە خۆمان و دونیاش نامێنێ!

(ئەفیونی دابونەریت و ئادابی گشتی) ئەمە جۆرە ئەفیونێکە خەڵکیان پێ هەڵخەڵەتاندووە ،چونکە ئەزانن خەڵکی ئێمە زۆر پەیوەستە بە دابونەریتی کۆمەڵایەتی و ئاین ، لە پەنای ئەم دەستەواژانەش سەری ئازادی پێ ئەبڕن و، ئازادییەکانی پێ بەرتەسك ئەکەنەوە ، سەیر لەوەدایە تا ئێستاش پەرلەمانی کوردستان ،نەیتوانیووە بە جۆرێك وەسفی دابونەریت و ئادابی گشتی بکا لە ناو یاسای رۆژنامەگەری ،کە نەبێتە مایەی کۆسپ دروستکردن لەبەردەم قەڵەمی ئازاد و بوێر ، ئەگەریش هەر بەم شێوەیە بروا رۆژنامەنووس ناوێرێ بە وەزیرێك بڵێ (بۆینباخەکەت بە هەڵە بەستووە!) چونکە بە بیانوویی پێشێلکردنی دابونەریت وئادابی گشتی رووبـەرووی قورسترین سزای یاسایی ئەبێتەوە ، تا ئێستاش پرۆژەیاساکە هەر لە نێوان پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم (سەفاومەروایەتی) و خۆشبەختانە،بەرێز سەرۆکی هەرێم پرۆژەکەیاساکەی کە پەرلەمان دەنگی بۆ ئیمزای ناکا ، هیوادارینین ئیمزای نەکا تا وەك یاسایەکی پێشکەووتوو کە ئازادی رۆژنامەگەری تیا جێگیر نەکرێ.

(ئەفیونی رەقەمەکانی کێشەی کەرکوك) هەر دوای پرۆسەی ئازادی عێراق ، کە سەرکردایەتی سیاسی کورد نەیتوانی (بەبێ بەغدا) کەرکوك بگێڕێتەوە سەرهەرێمی کوردستان و ، بیکاتە ئەمری واقیع ، ئیتر مادەی 58و پاشانیش مادەی 140 و خواش ئەزانێ بە چەندین رەقەمی تریش گێژ و ورمان ئەکەن ! سەیر لەوەدایە پێش تەواو بوونی ماوەی یاسایی جێبەجێ کردنی مادەی 140 چەند سعاتێکی مابوو ، کەچی گوێبیستی لێدوانی وا ئەبووین کە پێی دائەگرت لە کاتی خۆیدامادەی 140 هەر جێبەجێ ئەکرێ !!

(ئەفیونی رووبەڕوبونەوەی گەندەڵی) لەم چەند رۆژەی راپردوو لەسەر شاشەی تی‌لی‌فزیۆنەکان بینیمان ، کە ناوی چەند کەسێك کە گەندەڵی و دزیان کردبوو ، ئاشکرا کرا کە ئەمە جێگەی دڵخۆشیە حکومەت هەنگاوی وا بوێرانەی هەبێت ،بۆ قەڵاچۆکردنی گەندەڵی ،بەڵام تێبینیەك هەیە ئەویش (ئەم چەند کەسە پلە و پایەی گەورەیان نەبوو) ئەگەر ئەم هەڵەتە گەندەڵچی و دزە زەبەلاحەکان و فیرعەونەکانیش نەگرێتەوە ، بە دڵنیاییەوە ئەمەش ئەبێتە جۆرێکی تری ئەفیون و چاوی خەڵکی پێ ئەگرن و خەڵك بەوە هەڵئەخەڵەتێنن کە بە کردەوە رووبەرووی گەندەڵی ئەبنەوە ،هیوادارین ئەمەش نەبێتە ئەفیون .

خوا بە زیادیکا ئەفیون ئەوەندە زۆرە ئەوەندە زۆرە لە ژماردن نایە ... هەقە خەڵك چاوکراوەتر بێت و هەقە هەموومان بێینەوە هۆش خۆمان و چیتر بەم ئەفیونانە گێژ نەبین !

برایانی رۆژنامەی لێدوان ئێوەش بەمرۆ و سبەی گێژم مەکەن بە ئەفیونەکانتان و موکافەئەیەکمان بۆ بنێن !!! هههههههه

fhirany@hotmail.com

لێدوان
Ledwan

دوالاپەرە- ژمارە (٦)ی شوباتی ساڵی ٢٠٠٨

خاوەنی ئیمتیاز: ئەمیر حسین رەحیم
سەرنوسەر: خالید قادر محمد
بەڕێوەبەری نوسین: هەندرێن شێخ ڕاغب
ڕاوێژکاری گشتی: سدیق عەلی
بەڕێوەبەری هونەری: بەرهەم دڵشاد

ناونیشان: ڕانیە-شەقامی گشتی تەنیشت یانەی فەرمانبەران ژت: ئاسیا ٠٧٧٠١٥٥٣٠٤٤ سانا: ٠٧٣٠١١٦٣٥٥٩ ئیمەیڵ: Khaledqader@yahoo.com
بەدوو هەفتە جارێك لێدوان لەسەر توڕی ئینتەرنێت لە ماڵپەڕی www.Dengekan.com بخوێنەوە چاپ: چاپخانەی کوردستان